CPT

**١٩ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

# پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نیشتەجێی هەرێمی کورستانن، لە ئێستادا سەرگەردان و ئاوارەن

ڕۆژی ٢٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٢، سوپای پاسدارانی ئێران لەڕێگەی نزیکەی ٧٠ موشەکەوە، سێ کامپی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە شاری کۆیە بۆردومان کرد. ئەو کامپانەی نزیک کۆیە، لە ساڵی ١٩٩٥بۆ ئەو کوردانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنیادنراون کە لە دەستی زوڵم و زۆری دەوڵەتی ئێران شارەکانی خۆیان بەجێهێشتووە. پێش بۆردومانەکانی ٢٨ی ئەیلوول، نزیکەی ٦٠٠ خێزان لە کامپەکان ژیانیان کردووە. بەڵام لە ئێستادا، کامپەکان چۆڵکراون و خێزانەکان ئاوارە بوون.

بیانووی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ بۆردوومانکردنی کامپەکان، بوونی گروپە بەرهەڵستکارە کوردییەکانە. ئێران پەنجەی تۆمەت بۆ سێ پارت ڕادەکێشێت کە لە پشت خۆپیشاندانەکانی ئێستای کوردستان و ئێران بن. خۆپیشاندانەکان دوای گیانلەدستدانی "ژینا ئەمینی"، کچە کوردی ٢٢ ساڵان، دەستیان پێکرد، کە لە شاری تاران دەستگیرکرابوو. هێزەکانی پولیس؛ لە کاتی دەستبەسەریدا، ژینا ئەمینیان تاکو ڕادەی بێهۆشبوون، ئەشکەنجە داوە. ئەمەش وایکرد کە دواتر بەهۆی برینەکانی لە نەخۆشخانە گیان بسپێرێت.

ڕۆژی ١٢ی تشرینی یەکەم، ئەندامانی تیمی بنیادنانی ئاشتی کۆمەڵگا دیداریان لەگەڵ ژمارەیەک لەو خێزانانە ئەنجامدا کە بە هۆی بۆردوومانەکانەوە ئاوارەکرابوون. دایکێک بەناوی ئەسرین بۆ تیمەکەمان هاتەگۆ و زانیاری لەسەر چۆنیەتی ڕووداوەکان پێداین. "چوار بۆردومانی یەکەم لە کاتژمێر١٠:٣٠ی سەرلەبەیانی ڕوویاندا، بۆردومانی زیاتریش لە دەوروبەری کاتژمێر ١:٣٠ بۆ کاتژمێر ٣:١٥ دوای نیوەڕۆ ڕوویاندا."

لە کاتی بوردومانەکاندا، منداڵەکانی ئەسرین لە قوتابخانە بوون. سارینای کچی قوتابی پۆلی ٩ی بنەڕەتی، لە پۆلدا بووە کە بۆردومانەکان دەستیان پێکردووە. سارینا ڕوونیکردەوە، "ئێمە گوێمان لە وانەی یەکێک لە مامۆستاکانمان دەگرت دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، کە بۆردومانەکان ڕویاندا."

ئەسرین دڵگرانی ئەوەبوو کە منداڵەکان بەهۆی بۆردومانەکانەوە ترساون و توشی شڵەژانی دەروونی بوون و ناتوانن بخەون. ئەسرین و دایبابانی تر؛ زۆر نیگەرانی سەلامەتی منداڵەکانیانن. سەرەڕای پاراستنی منداڵەکانیان، ئەوان دەیانەوێت کە منداڵەکانیان لە خوێندن دانەبڕێن و چاودێری تەندروستی دەروونیان بۆ دابینبکرێت.

لە دوای بۆردومانەکانی ٢٨ی ئەیلوولدا، ٢٨٠ قوتابی و ٣٠ مامۆستا ناتوانن بگەڕێنەوە قوتابخانە. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە بەرپرسیارەتی دابینکردنی بینایەکی دەکەوێتە ئەستۆ، بە مەبەستی بەکارهێنانی وەک قوتابخانە لە شاری کۆیە. مامۆستایەک پێیگوتین وابڕیاربوو کە دەرگای قوتابخانەکە ڕۆژی ١٢ی تشرینی یەکەم بکرێتەوە، بەڵام گەڕانەوەی قوتابیان بۆ قوتابخانە بە ناڕوونی ماوەتەوە، ئەمەش لەبەر هۆکاری ئەمنی و نەبوونی توانای پارێزگاریکردنە لە قوتابیان.

خێزانە ئاوارەکان ئێستا لە خانووی کرێدا ژیان دەگوزەرێنن. ئەوان ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە لەلایەن دراوسێکانیان و لە دۆخێکی دژواری ئابوریدا ژیان دەگوزەرێنن. چونکە کۆمەڵە خێزانێک بەیەکەوە لە یەک خانوودا دەژین. خێزانەکان نیگەرانی داهاتووی ڕۆڵەکانیانن، کە لە ئێستادا لەگەڵ ناجێگیری باری دەروونیدا دەژین.

تا ئێستا هیچ ڕێکخراوێکی ناوخۆ و نێودەوڵەتی تایبەت بە هاریکاری مرۆیی وهەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی ڕێکخراوەکان سەردانی خێزانەکانی نەکردووە.

ڕێکخراوی تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی کۆمەڵگا؛ بە قوڵی نیگەرانی ڕەوشی ئەو سەدان خێزان و منداڵەیە کە لە شاری کۆیەن. ئێمە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و، ڕێکخروەکانی تایبەت بە هاریکاری مرۆیی و دەسەڵاتی ناوخۆیی دەکەین کە وەڵامی داواکاری بەپەلەی ئەم خێزانانە بداتەوە.

## پێشنیارەکان

- پێویستە حکومەتی عێراق کەناڵە دیپلۆماسییەکانی خۆی بەکاربهێنێت و داوا لە حکومەتی ئێران بکات کە بۆردومانکردنی هەرێمی کوردستان بوەستێنێت و ڕێز لە سەروەری خاکی عێراق بگرێت.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیایی بدات کە قوتابییەکان لە خوێندن بێبەش نابن.
- پێویستە ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە هاریکاری مرۆیی، سەردانی خێزانەکان بکەن و چارەسەری دەروونی پێشکەش بەو منداڵانە بکەن کە کاریگەری بۆردومانەکانیان لەسەرە.